# میشێل فۆکۆ: مراوی وڕێوی

حسونه المصباحی

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: حسێن لەتیف



فۆکۆ

و: حسێن لەتیف

لەشوقەیەکی فراوان و رووناکدا لەشەقامی(فوجیرار) بەرانبەر گۆڕەپانی (ئەدولف شیریو) دەژیا,ئەو شوقەیە دیوارەکانی بەتابلۆی هەریەک لە(Picabia) پیکابیاو سۆلاج (soulage) و ماغریت(Magrtte) درەشەماتی یابانی ڕازێنرابوویەوە. ئەو دەیزانی چۆن پێشوازی لەمیوانەکانی دەکات و بەدەمیانەوە پێدەکەنێ.دەیزانی چۆن لەگەڵیاندا دەدوێت, ئەو یەکێک بوو لە دەنگە گەورەکانی ئەو چەرخە, دەنگێک کەدەیتوانی لەکاتی گونجاودا بڵێت"نەخێر" ئەم پیاوە دەیتوانی بەچاکی گوێ بۆ ئەوانە ڕابگرێت کەقسەیان بۆ دەکرد, لەوردو درشتی قسەکانیان تێدەگەیشت. ئەو پیاوە میشێل فۆکۆ بوو کەبەهەرمەکانی هەموو زانکۆکانی رۆژئاوا, بەڵکو هەموو جیهانی گرتەوە, لەگەڕان بەدوای حەقیقەتدا هەموو ژیانی خۆی بەخشی بەنهێنییەکانی مێژوو. هێزی ئەو لەوەدابوو دەنگی خۆی بەخشی بەوانەی مێژوو بێ دەنگی کردبوون. توانای ئەوەی پێبەخشین کە بەناچاری درک بەهەموو ئەو شتانە بکەن کە ئەو بەبێدەنگی دەیڵێت. ئەو پیاوە حەزناکات خەڵک لەبارەیەوە بدوێن, شەرمن و لەخۆبوردووەو دەزانێت نهێنی ژیانی تایبەتی خۆی چۆن دەپارێزێت, لەیەک کاتدا دەزانێت چۆن ناوبانگ پەیدادەکات و چۆنیش خۆی دەشارێتەوە. ساڵی ١٩٢٦ لەشاری بواتیە لەدایک بووە, لەو هەموو ساڵانەدا کەهەریەک لە(هریو)و(بریان)و (بوانکری) لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمانی فەرەنسی ململانێیان بوو. بواتیە بریتی بوو لەکەنیسە رۆمانیەکان و هەندێک کارگەی بچووک و کاتدرائی و ئەسقەفی و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوانزەیەم. شارێکی هێمن و بەتوانابوو لە(خوڵقاندنی) ئەو پیاوانەی رۆشنبیرییەکی فراوانیان هەیەو ئەو پیاوانەش ترسنۆک و حەقیرن. میشێل فۆکۆ لەخانەوادەیەکی بورژوا بوو, باوکی پزیشکێکی زەیرەک و لێهاتوو بوو, خوشکێکی هەبوو بەتەمەن سێ ساڵ لەفۆکۆ گەورەتر بوو, براکەشی کەناوی " دینیس" بوو پاشان وەکو باوکی بوو بە پزیشک. خانەوادەی فۆکۆ لەناوجەرگەی شاردا لەخانوویەک دەژیان کەپاش مردنی باوکی فۆکۆ کرا بە ئوتێل, دایکیشی گەڕایەوە بۆ ئەو گوندەی کەتییێدا لەدایک بوو, تەنها هەژدە کیلومەتر لە بواتییەوە دووربوو, بەقسەی برادەرەکانی فۆکۆ لەوماوەیەدا زۆرقسەی لەسەرخانەوادەکەیان نەدەکرد. واهەستیان دەکرد زیاتر ئارەزووی بۆدایک ونەنکی هەیەو ناوبەناو سەردانی دەکردن. مای فرانس کەئەویش خەڵکی بواتییەبوو دەڵێت: (رەنگە دایکی فۆکۆ لەدایکی من بچێت, هەست دەکات مراوییەکی لەئامێزگرتووە. دایکی زۆربەچاکی مراوی دەناسی) میشێل فۆکۆ ماوەیەکی دورودرێژ پەیوەست بوو بەدایکییەوە.

لەدواساڵەکانی قۆناغی ناوەندیدا دایک وباوکی بڕیاریاندا فۆکۆ بنێرن بۆ یەکێک لەو پەیمانگا ئاینییانە کەپیاوانی ئاینی بەڕێوەیان دەبرد, تاقۆناغی بەکالوریاش بمێنێتەوە. بۆچی دایک وباوکی ئەو بڕیارە کوت وپڕەیاندا؟ ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێت فۆکۆ" زۆرجار مامۆستاکانی بەوشێوە باسیان کردووە کەخوێندکارەکانی هاوڕێی کردویانە, ڕەنگە لەبەرئەوەش بووبێت دایک وباوکی ویستوویانە کوڕەکەیان ڕێک" بێت ولەژێر چاودێری توندی پیاوانی ئاینیدابێت, بەڵام فۆکۆ بەوشێوەیە دەرنەچوو کەدایک وباوکی ویستیان لەسەربوو, بەڵکو بەهۆی پرسیاری زیرەکانەیەوە وای لەمامۆستاکانی کرد بەگومانەوە لەزانیارییەکانی خۆیان بڕوانن. لەوقۆناغانەدا دروست بوونی کەسێتی فۆکۆ دەستی پێکرد. پاش ئەوەی بڕوانامەی بەکالیۆرۆسی لەفەلسەفەدا وەرگرت, سیمینارێکی بۆچوونە قوتابخانە باڵاکان بەمامۆستایان و تەوەکە زۆر لەفەیلەسوفە گەورەکان ونووسەرانی ئەم سەدەیە وەکو پول نیزان و ساتەرو رایمون ئارون تێدا خوێندنیان تەواوکردبوو. لەهەموو ئەو ساڵانەدا شەڕ بەردەوام بوو, فۆکۆ ئەو ساڵە سەخت و دژوارانەی قۆستەوە بۆ ئیش کردن بەشێوەیەکی جدی وبێ وێنە.

شکست لەتاقی کردنەوەدا نەیتوانی ڕێگای چونە قوتابخانەی مامۆستایانی باڵای لێبگرێت, لەساڵی ١٩٤٥ ئەو کاتە فەرەنسا بەهۆی روخانی نازیەت و کۆتایهاتنی داگیرکردنەوە ئاهەنگی دەگێڕا. فۆکۆ سەرلەنوێ خۆی بۆسیمینارێکی

تر ئامادەکرد,پاریسی هەڵبژارد. لەلای یەکێک لەبرادەرەکانی خۆی وتبووی هاوین بەتەواوی لەفێربوونی زمانی یونانی کۆن( کەمادەیەکی زۆر قورس بوو بەنیسبەت فۆکۆوە) بردۆتە سەر. لەپاریس لەشوقەیەکدا لەشەقامی (مونج) لەگەڵ براکەیدا دەژیا, کەبواری پزیشکی دەخوێند. لە پەیمانگای هنری چوارەم کاتێ میشێل فۆکۆ سیمینارێکی ئامادەکرد, نەک هەر خوێندکارێکی زیرەک بوو, بەڵکو لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەهرەی جێگەی سەرنج بوو".

لەساڵی ١٩٤٦دا چووە: قوتابخانەی باڵا بۆ مامۆستایان کەپول نزائی کوژراو لەدنکارل.لەساڵی ١٩٤٠ بەم شێوەیە وەسفی دەکات: (قوتابخانەی باڵا بۆ مامۆستایان بینایەکی چوارگۆشەیە لەسەردەمی لویس فیلیبە وە هەیەو گۆڕەپانێکی هەیە و حەوزێک لەچیمەنتۆ کەسورەماسی یەکان بەتەمەڵی تێدا دەسورێنەوە. لەسەربانیشەوە دەتوانین ئەو جێگایانە ببینن کەبینابەرزەکانی تێدایە, نیوەی باشوری پاریس وئاسۆی داپۆشراوو کەژاوەی کەنیسەکان و ناقوس و دوکەڵکێشەکانیش, ڕەنگە فۆکۆی لاو لەسەربانی قوتابخانەی باڵای مامۆستایانەوە لەو دیمەنە جوانە وردبوویێتەوەو بیری لە گۆڕینی مەساری فیکری فەلسەفی کردبێتەوە, وەک دەبینرێت پاشتر ئەنجامیدا. لەو ماوەیەدا میشێل فۆکۆ وەکو زۆر لەقوتابیان هۆگری مارکیسزم بوو, هەرچەندە هەمیشەش تێکەلاو بوونی حزبی شیوعی رەت دەکردەوە وچالاکی خەباتگێڕانەی نەدەکرد. هەموو ئەو ساڵانەی لەقوتابخانەی باڵای مامۆستایان بردە سەر ساڵانێکی یەکلاکەرەوە بوون لەدروست بوونی فیکری ئەودا. هەموو ڕێگاکان تا ئەو کاتە تەم و مژاوی بوون بۆ فۆکۆ. لەپاشان فۆکۆ بڕیاریدا فیکروکردەوەی یەکبخات, بەم جۆرە دوورکەوتنەوەیەکی گەورە لەناوەندە کۆنە پارێزو بورژوایی وکاسۆلیکی دەستی پێکرد کە فۆکۆ لێی هاتبوویە دەرەوە. یەکێک لەهاوڕێکانی جان لاترای ناوبوو دەگێڕێتەوە کە چۆن لەبەردەم گازینۆیەکدا بەگاڵتەجاڕییەوە وتویەتی: (سەیری ئەم قوتابیەکە لەداهاتوودا دەبێت بەقەشە. بەدڵنیاییەوە تۆ زۆر نموونەی وەکو ئەوت لەژیانی خۆتدا نەبینی).

بەتەنیشیت فەلسەفەوە فۆکۆ بایەخی بەدەروونناسیداوە. خۆی لەسۆربۆن ناونووس کردووە, پەیوەندی بەچەند پەیمانگایەکی پسپۆڕەوە لەو بوارەدا کردوە, جاک بروست دەڵێت( فکرەی شێتی باڵی بەسەردا کێشابوو, پاڵی پێوەدەنا سەردانی نەخۆشخانەکان بکات و ژمارەیەک لەو چیرۆک و حیکایەتانە کۆبکاتەوە کەلەجیهانی شێتەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو). سەرەڕای هەموو ئەمانەش فۆکۆ شەیدای هونەربوو, دیواری ژوورەکەی خۆی بەتابلۆی زمانەوانی پڕ لەشێتی و نامۆیی رازاندبووەوە. لەساڵی ١٩٥٠ فۆکۆ ویستی بڕوانامەی تەبرێز( التبریز) وەربگرێت, بەڵام لەتاقیکردنەوەی شەفەوی دادەرنەچووە, لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاریدا دووبارە تاقی کردنەوە بکاتەوە. ئەو کاتانە مۆسیقاری بەناوبانگ (بیاربولاز)ی ناسی وبوو بەهاوڕێیەکی نزیکی تادوا چرکەکانی ژیانی . لەساڵی ١٩٥١ چەند بڕوانامەیەکی بەدەست هێنا لەوانە: (ماستەر لەبواری سایکۆلۆجیا)و (ماستەر لەهێگل)و( تەبرێز-التبریز-لەفەلسەفەدا). پاش تەواوکردنی خوێندنی بە ئوستادی یاریدەرلە زانکۆی لیل (Lille) دامەزراو بەمەش هەر لەسەرەتاوە لە دۆزەخی قوتابخانە ناوەندییەکان ڕزگاری بوو. لەساڵانی وانە وتنەوەیدا هەندێک لەهاوڕێ نزیکەکانی وەکو (جیرا رجینێت, بول ڤاین, جان کلود باسرون) ناویاننابوو (ڕێویەکە) چونکە لەهەموویان زیرەکتربوو, (وەکو ڕێوی کونی قوڵی بۆ خۆی هەڵدەکەند..).پاش مردنی فۆکۆ شاعیری گەورە ئونیە شار چواردێڕ شعری بۆ نوسی تیایدا وەسفی بەفرو تینوێتی و ئاسمان , ورێویەکی خوێناوی دەکات.

لەساڵی ١٩٥٤دا یەکەمین کتێبی خۆی بەناونیشانی (نەخۆشی عەقڵی و دەروونناسی) بڵاوکردەوە, لەو کاتەدا ناوبانگی

لەناوەندە رۆشنبیرییەکاندا بڵاوبووەوە. هاوڕێکانی دەگێڕنەوە لەو کاتانەدا فۆکۆ بەتایبەتمەندی جوان وەکو زیرەکی و نەبیلی دەرکەوت. لەگەڵ ئەوەش خاوەنی توانایەکی سەرسوڕهێنەر بوو لەفێڵ وپێداگریدا. ئەم تایبەتمەندیانە یارمەتیدەری بوو بۆ ئەوەی بەجدی ئیش بکات بۆ یەك شت, ئەو شتەش دۆزینەوەی حەقیقەت بوو, کارمەندانی یەکێك لەکتێبخانەکانی پاریس دەڵێت: (میشێل فۆکۆ هەر بەیانی زوو دەهات بۆ کتێبخانە, لەنزیك پەنجەرەکەوە دادەنیشت بۆ ماوەی هەشت سەعاتی تەواو لوتی لەسەر کتێب ولاپەڕە هەڵنەدەبڕی). لەوکاتانەدا سەرقاڵی نوسینی کتێبی دووەمی بوو. لەبەرئەمەش بەوپەڕی تواناوە ئیشی دەکرد.

پاشان بەمەبەستی وانەوتنەوە لەزانکۆی (ئوپسالا) رووی کردە سوید, دواتر بووبە لێپرسراوی سەنتەرێکی رۆشنبیری لەهامبورغ و دوای ئەوەش لەفرسوفیا بیلونیا بوو. ئەوکاتانە خەریکی ئامادەکردنی مادە بنەڕەتییەکانی کتێبە بەناوبانگەکەی (مێژووی شێتی لەچاخی کلاسیکی) دابوو بەهۆی زۆری ئەو بەڵگەنامانەوە کەئامادەی دەکردن و ئەو لاپەڕانەی دەینووسینەوە پۆلیسی پۆڵۆنی گومانی ئەوەیان لێکرد کەراپۆرت بۆ حکومەتی وڵاتەکەی خۆی دەنووسێت.

لەساڵی ١٩٦١ دا میشێل فۆکۆ تێزەکەی خۆی (مێژووی شێتی لەچاخی کلاسیکی)دا پێشکەش دەکات بەخانەی (گالیمار) بەخێرایی بڵاوی دەکاتەوە, بەم کارە ناوی کۆمەڵێك بیریارو فەیلەسوفی گەورە زیندوو دەبێتەوە, لەپێش هەموویانەوە مێژوونووسی بەناونگ (برودال) بوو بۆماوەی چوارساڵ وەکو مامۆستای موحازر لەزانکۆی (کلارمان فاران) وانەی گوتەوە, لەساڵی ١٩٦٥دا بۆ وانە گوتنەوە لەزانکۆی ساوبولو کەوتە رێ. پاش ئەوە بۆ بینینی هەردوو هاوڕێ کۆنەکانی خۆی جۆرج لاباسادو جادیفینۆ سەفەری تونسی کرد, بەهۆی رووداوەکانی ساڵی (١٩٦٨)ی زانکۆی تونس فۆکۆ ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ پاریس. لەسەرەتای هەفتاکاندا بەمامۆستا لە کۆلێژی دی فرانس دامەزرا, ئەوکاتە گرنگی بەبارودۆخی زیندانییەکان دەدا وسەردانی بیست بەندینخانەی کرد, لەگەڵ گیراوو بەندییەکان و دکتۆرە دەروونییەکان و بەڕێوەبەری بەندیخانەکان و چاودێرەکان و پۆلیسەکاندا قسەی کرد. سەرۆکی لیژنەی جەزائیری (جلالی بن علی) بوو لەلایەن پەڕگیرە رەگەز پەرستەکانەوە کوژرابوو. وەزیفەی ئەم لیژنەیە لێکۆڵینەوە بوو لەهۆکارەکانی ڕەگەزپەرستی وتاوانەکانی. هەروەها بەشداری لەلیژنەی (جۆرج جاکسون) کەبەندییەکی رەش پێستی ئەمریکی بوو, سارتەر نامەکەی بەناوی (چاخە نوێیەکان )لەگۆڤارە بەناوبانگەکەی خۆیدا بڵاوکردەوە لەساڵی (١٩٧٥)دا, کتێبی (چاودێری وسزا)ی نووسی, لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ وفراوان بوو دەربارەی ئامرازە نوێیەکانی گرتن, هەروەها دەربارەی تەکنیکە بەکارهێنراوەکانی ئەو بوارە کەلەنێوان سەدەی شانزە تاسەدەی نۆزدە دروست کراون. دواین کتێبی فۆکۆ( مێژووی سێکس)بوو, کەبەماوەیەکی کورت بەرلەمردنی نووسی, بەگژداچوونەوەیەکی گەورەو تیژی مێژوونووسی چاخەکۆنە بوو, فۆکۆ لەوکتێبەدا هەندێك دیاردەو قۆناغی شیکردوەتەوە کەئەوان بەدەوریاندا نەڕۆیشتوون. فۆکۆ پرۆژەگەلێکی هەبوو, بەڵام مەرگ لێنەگەڕا, لەرۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٤ مردو کۆمەڵێك بەرهەمی فەلسەفی و فیکری لەدوای خۆی بەجێهێشت, بەگرنگترین بەرهەمەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت, تادواچرکەکانی ژیانی فۆکۆ کوڵنەدەرو ئازابوو, سامناك بوو, هەروەکو (مراوی)و(ڕێوی) زیرەك و مراوغ بوو, بەردەوام ئارەزووی لەدروست کردنی هێلانەی قووڵ بوو. ئەمەی دەیخوێنینەوە دەقی چاوپێکەوتنێکە کەماوەیەکی کەم بەر لەمردنی لەگەڵیدا سازکراوە لە(الآخبار الادبیة) لە٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٤دا رۆژێك پێش مردنی بڵاوکراوەتەوە.

*روونی وبێگـەردی وناسـكی شـێوازی نووسـینی دوایـن كتێبتانە، ئەم گۆڕانە بۆچی بوو؟

–دەربـارەی خوێندنـەوەی ئـەو هێڵكارییـەی بـۆ مێـژووی ئـەخلاق وسـەرەتای مەسـیحیەت نووسـیم( هۆكاری دواكەوتنی ئەم كتێبە بوو كە پێشڕكێیەكی ڕێكخراوی جیاواز لەنووسینی هەیە). سەرلەنوێ ئەو دەست نووسانە دەخوێنمەوە كە ساڵانێكە پشت گوێ خـراون، هـەمان رەفزكردنـەوەی شـێوازی(وشـەكان وشـتەكان)و(مێـژووی شـێتی لەچـاخی كلاسـیك)و (رایمون روسیل)م دۆزییەوە، لەساڵی ١٩٧٥و١٩٧٦ دا كـت وپـڕ لەوشـێوازە دابـڕام كەلەنووسـینی مێـژووی بابەتێكـدا بـیرم لیـدەكردەوە مێـژووی بابـەتێكی پـێ بنوسمـەوە، مێژوو واقیعێك نییە رۆژێك رووی دابێت بـەڵكو پێویسـتە پێكهاتـەكانی و ئـەوەی بەدوایدا دێت وەسفی بكرێت .

*لەشـێوازێكی دیـاریكراو جیادەبێتـەوە، پێـت وانییـە لەجاران فەیلەسوف تربیت؟

–باوای دابنێن،من ئـەو گریمانەیە پەسـەند دەكەم، لەهەرسـێ كتێبـی (وشـەكان و شـتەكان) و(مێـژووی شـێت)ی و تەنانـەت لـە(چـاودێری وسـزا)دا لێكۆڵینەوەیەكی فەلسـەفیم كردووە كەپشت ئەستورە بەبەكارهێنانی دیاریكراوی موفرەداتی زمان وگەمـەو ئـەزموونی فەلسـەفی، لـەم لێكۆڵینەوەیەدا هـەموو وزەو توانایـەكی خـۆم بـەكاربردووە، بەدڵنیاییـەوە لەهـەمان كاتـدا هـەوڵی قوتـاربوون لـەو جـۆرە فەلسـەفەیە دەدەم. جگـە لـەوە بـەكارهێنانی شـتێكی نوێیـە لـەوبوارە ئەزموونییەدا كەمن لێكۆڵینەوەی لێدەكەم، بەوشێوەیە نەخشـەی بـۆ دەكێشـم ورێكـی دەخەمـەوە كەببێتـە ڕێگایـەك بـۆ بیركردنـەوە لەئـەزموونی فەلسـەفی بەشێوەیەكی قوڵتر لەهـەمان كاتدا، چونكە ئەو قۆناغە بەڕوانینی هەندێك كەس هەرگیز فەلسەفی نەبووە.

*تۆ تەنها ئەوشتانە روون دەكەیتەوە كەئێمە دەتـوانین



فۆكۆ

لەنێوان دێڕەكاندا بیانخوێنینەوە..؟

–من هەمیشە دەڵێم لەوانە شتەكان بەیەك میتۆدو بەگوێرەی ئەم ڕێگەیە ئەبینم. لەكتێبەكانی(مێژووی شێتی)و(وشەكان وشتەكان)و(چاودێری سزا)دا زۆرشتی شاراوە هەبووە، بەیان كردنیان ئاسان نەبوو، سەرەڕای ئەو ڕێگایەی بۆ خستنەڕووی كێشەكان گرتبومە بەر. من هەوڵم دا سێ كێشە دیاری بكەم: كێشەی حەقیقەت وكێشەی دەسەڵات وكێشەی ڕەوشتی تاك، بوارەكانی ئەزموون بەیەكەوە نەبێت ناتوانیت لێیان تێبگەیت، ناتوانیت بەجیا لێیان تێ بگەیت. ئەوەی لەكتێبەكانی پێشودا بێزارم دەكات ئەوەیە كەبەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی سێهەم ئەزموونی یەكەم ودووەمم چارەسەركردووە ، كاتێك ئەزموونی سێهەمم دەرخست بۆم دەركەوت كەداوێكی ڕاست هەیە پێویستی بەڕاست كردنەوە نییە، بۆ پەنابردنە بەر ڕێگای گوتاری تارادەیەك، بەهۆیەوە دەتوانرێت یەكێك لەسێ بوارە بنەڕەتییەكە ئەزموون كردن فەرامۆش بكرێت.

*ئایا كێشەی شێواز كێشەی بوون دەگرێتەوە، چۆن دەتوانین شێوازی ژیان بكەینە دۆزێكی گەورەی فەلسەفی؟

و: حسێن لەتیف

—پرسیارێکی گرانە. دڵنیانیم لەوەی کەبتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە. باوەڕم وایە شێواز کێشەیەکی بنەڕەتییە لەئەزموونی کۆندا: شێوازی پەیوەندی لەگەڵ خود, شێواز لەرەوشت دا, شێوازی پەیوەندی لەگەڵ بەرامبەردا. سەدەکۆنەکان نەوەستاون لەخستنەڕووی کێشەیەك کەتیایدا توانای دیاریکردنی شێوازێکی هاوبەش بۆ بوارەکانی رەوشت هەبێت. ئەگەر ئەو شێوازە بدۆزرایەتەوە بێگومان دەگەیشتە پێناسەیەك بۆ بابەتەکەو روون کردنەوەی یەکێتی (ئاکاری شێوان) لەرووی فکرییەوە نەخراوەتە ڕوو تەنها لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا نەبێت, بەدیاریکراوی لەسەدەی دوانزەیەم و سیانزەیەمدا ڕاستەوخۆ بەچەمکگەل و گوزارشت گەلێك کەرەچەڵەکیان دەچێتەوە سەرچەمکەکانی یاساو حەقیقەت خراوەتە ڕوو.

*شێوازبوونە, ئەوەشتێکی جوانە وناوازەیە, ئایا ئەغریقیەکان وەکو ناوازە نابینیتەوە؟

—نەخێر.

*ئایا نمونەیی نەبوون؟

—نەخێر.

*چۆنیان دەبینیتەوە؟

—من بەناوازەیان نابینمەوە, دەست بەجێ تووشی بەریەککەوتنێك بوون کەلای من خاڵی ناکۆکە لەئاکاری کۆندا:لەنێوان ئەو لێکۆڵینەوە سەرکێشەدا دەربارەی جۆرێ لەشێوازی بوون لەلایەك وئەو هەوڵەی بەکاری دەبات بۆ ئەوەی ببێتە هاوبەش لەنێو هەمواندا, لەشێوازێك نزیك دەبنەوەو دەیکەن بەلێکۆڵینەوە لەدەست نیشان کردن و ئاڵۆزی لەمیانەی سینیك و ئەبیقتوسەوە, لەشێوازی دینی دا نەبێت ناتوانیت ڕێگایەك بدۆزیتەوە کەوەزیفەی خۆی پێ ئەنجام بدات. لەلای من هەموو چاخە کۆنەکان (هەڵەیەکی قوڵن).

*تۆ تەنها کەسێك نیت چەمکی شێوازت خستبێتە ناومێژوو, بەڵکوابیتر براون) لەکتێبی (پێکهاتەی چاخەکۆنەکانی) ئەوەی ئەنجام داوە؟

—ئەو ڕێگایەی کەمن (شێوان)م پێ بەکارهێناوە, بەشێکی گەورەیم لەبیتر براون وەرگرتووە, بەڵام ئەوەی کەئێستا دەیڵێم پەیوەندی بەئەوەوە نییە, کەئەو نووسیویەتی هەرگیز. ئەم چەمکی شێوازە لەمێژووی ئاکاری کۆندا, پێشتر لەسەر ئەم ئاکارە قسەم کردووە, دەتوانین ئێستا بەشێوەیەکی باشتر قسەی لەسەربکەین. یەکەم ئاکاری کۆن ئاڕاستەی ژمارەیەکی کەمی تاکەکان کراوە, داوا لەهەموو خەڵك ناکات پەیڕەوی لەهەمان جۆری ڕەوشت بکەن. لەوێدا چەند فۆرمێکی ئازادی هەبوو.ئازادی سەرۆکی دەوڵەت, یان ئازادی سەرۆکی سوپا, هەرگیز پەیوەندی بەئازادی حەکیمێکەوە نەبووە, ئەم ئاکارە فراوان بووە, دەبووایە لەچەرخی ئەسخیانسدا بۆ هەموو خەڵك بگونجایە تاڕادەیەك. بەڵام هەرگیز بەسەر هەموو خەڵکدا فەرزنەکرا, هەموو کەسێك لەتوانایدا هەبوو لەگەڵ ئەوانی تردا. ئەم جۆرە ئەخلاقە, یان ئاکارە دابەش بکات, تا ئەو ڕادەیەی کەنەزانێت لەسەردەمە کۆنەکاندا ولەعەهدی ئیمپراتۆریەتدا کێ بەشداری لەم جۆرە ئازادییەدا کردووە. لەم بوارەدا ئێمە دورین لەوجۆرە کوت وپێوەندانەوە کەکۆمەڵناسان و مێژوو نووسەکان لەمیانەی دواندنی جۆرێك لەچینی ناوەڕاست و پێشەنگەوە زەمینەی بۆسازدەکەن. ئەوەی من هەوڵی بۆ دەدەم وبیتر براون پێی هەڵدەستێت ڕێگەدانە بەدوورکەوتنەوەی ئەوتاکانەی رۆڵیان بینیوە لەئاکاری چاخە کۆنەکان و لەمەسحییەت دا,کەخاوەنی تایبەتمەندی وجیاوازین. ئێمە لەسەرەتای ئەم لێکۆڵینەوانەداین دەربارەی شێواز. بەدڵنیاییەوە شتێکی سودبەخش دەبێت کەببینین لەسەدەی چواردەیەمی پێش مەسحیدا ئەم چەمکە چ بڵاوبوونەوەیەکی بەخۆیەوە بینیوە.

*ئێمە ناتوانین لەئاکاری فەیلەسوفێکی چاخە کۆنەکان تێبگەین ئەگەر لەیەك کاتدا سەرجەم کارە فەلسەفیەکانی

بەهەند وەرنەگرین، کاتێك بیر لەرەواتی یەکان بەتایبـەتی دەکەینەوە، دەڵێین: (مارك ئورال) فیزیاو بۆجیکی نـەبووە، بەڵام ئاکاری ئەو بەئاراستەی ئەوەدا دەڕۆیشـت، کەئێمـە بەیاسا ناوی دەبەین، لەبریتی لەوەی بەئاڕاسـتەی زانسـت ئاکارو ستاتکای ئاکاردا بڕوات؟

—ئەگەر بەباشـی لـەتۆ گەیشتبم، تۆ ئەوپێشکەوتنە مێژووییـە دەکەیتـە ئـەنجامی دۆڕانـدنێ، دەتوانیت لای هەریـــەك لەئـــەفلاتۆن و ئەرســـتۆ ڕەواقـــی یـــەکان فەلســـەفەیەکی زۆر ســـەنگین لـــەنێوان چـــەمکگەلی حەقیقـەت وسیاسـەت و ژیـانی تایبـەت دا ببینیتـەوە، لەسـەدەی سـێهەمی پـێش مەسـیحەوە تـاکو سـەدەی دووەم خەڵك وازیان لەپرسیاری پەیوەست بەحەقیقەت و دەسەڵاتی سیاسی هێنا، بەڵکو پرسیاری پەیوەست بـــەئاکاریان خســـتنەروو لەواقیعـــدا بیرکردنـــەوەی فەلسـەفی لەسوکراتەوە بـۆ ئەرسـتۆ بەگشـتی بنـەمای تیۆری بۆ مەعریفە وسیاسەت و رەوشتی فەردی بووە. پاشان تیۆری سیاسی کەوتە پەراوێزەوەو دەستی کرد بـــەئاوابوون، چـــونکە شـــارەکۆنەکان ون بـــوون .پادشـایەتی پـاش ئەسـکەندەر، جێگـەی گرتـەوە، مـن دەزانم چـەمکی حەقیقـەت لەبەرهەنـدێ هـۆی ئـاڵوزو سـەخت لەتێگەیشتن. پاشەکشێ دەکات و ئاوادەبێت. دواجـار مـرۆڤ گەیشـتە ئاسـتێك، لەسـەدەی یەکەمـدا، خـەڵك وتیـان پێویسـت ناکـات فەلسـەفە بەشـێوەیەکی گشتی بایـەخ بەحەقیقـەت بدات، بەڵام ئەم حەقیقەتانە سودبەخشن کەبریتی بوون لە: سیاسـەت، و بەتایبـەتی ئاکـار. لـەم دیمەنـە گـەورەو بەرفراوانـەی فەلسـەفەی کۆنـەوە دەردەکـەوێت ئەسخینس کـت ومـت لەکاتێکـدا دەسـتی کـرد بەفەلســەفە وازی لەچــالاکی سیاســی هێنـــابوو، دوورخرابوویـــەوە، پاشـــان گەڕایـــەوە بـــۆ دەسـەڵات ، بـەڵام مومارەسـەی نـەکرد، پـاش ئـەوەش گەڕایەوە بۆ نیوەی مەنفا هـەتا مردن لەنـەفی کردنێکـی تەواودابوو، لەم قۆناغانـەدا گوتـاری فەلسـەفی لای ئـەو هـەموو مانایـەکی خـۆی وەرگـرت. ئـەم دیـاردە گـرنگ وبنەڕەتییە ئەوەیە ئەگەرویستمان لەتراژیدی فەلسـەفە لـــە چـــاخە کۆنەکانـــدا تێبگـــەین، یـــاخود لـــە چ حاڵەتێکـدابووە، ئـەو خاڵـە مێژووییـــەی کەفەلســـەفە وەرچـــەرخانی تێـــداکردوو فۆرمێـــك لەفۆرمـــەکانی بیرکردنـــەوەی دۆزییـــەوە کەلـــەپاش مەســـیحییەت دەرکەوت.

*وا دەردەکـــەوێت لەهەنـــدێك قۆنـــاغ دا نووســـینت کردووە بەکردەی خودی تایبەتمەند وجیاواز، ئایا نووسـین لەسەنتەری(ڕۆشنبیرکرنی تاك)دایە؟

—ڕاسـتە کێشـەی مـن وکێشـەی نووسـینەکە ئەومنـە مومارەسەی دەکات سەنتراڵی نین، بەڵام هەمیشەگرنگن لـــەبواری پێکهـــاتی خـــوددا، ئـــەفلاتۆن بەنموونـــە بهێنینـــەوەو واز لەســـوکرات بهێـــنین کەلـــەڕێگای ئەفلاتۆنەوە نەبێت نایناسین.دەربارەی ئەفلاتۆن دەڵێین ئەوەی کەلەنووسین دا پـەیڕەوی لێکردووە(ممارسە)ی کردووە ئەزموونی خود نەبووە وەکو کردەی نووسراو، یـان کـردەی یـادەوەری، یـان وەك کـردەی نووسـین دەربـارەی خـۆی لـەڕێگای یـادەوەری یـەوە. ئـەوەی کەنووســـیویەتی لەســـەرهەندێك گرفتـــی سیاســـی، وئاکاری، ومیتـافزیکی، وئەوتێکستانەی کەپەیوەنـدی لەگـەڵ خـوددا لـەدیالۆگی ئەفلاتۆنی ـدا دەردەخـات زۆرکەمە. ئێمە هەمان دیاردە لای ئەرستۆ دەبینینـەوە. لەبەرانبـەر ئـەوەدا، لەسـەدەی یەکەمـەوە، دەتـوانین هەنـدێك نوسـین ببیـنین ملکەچـی هـەمان شـێوازی نووسینە، هەرچەندە ئەگەر ئەوپەیوەندی لەگەڵ خوددا (فـــەرمان ونەســـیحەت وبۆچـــوونی پێشکەشـــکراو بـــەقوتابیان بێـــت.لەســـەردەمی ئیمپراتۆریەتـــدا لاوان دەیـانزانی چـۆن خۆیـان بۆ ئـەو وانانـە ئامادە دەکـەن، کەپێیان دەوترایەوە، پاش ئـەوەش فێردەکران کەچۆن پرســـیار دەکـــەن، لـــەپاش ئـــەوەش چـــۆن فێردەکـــران کەچـــۆن بۆچـــوونەکانی خۆیـــان لەشـــێوەی دەرس و شێوەی فێرکردن وئیرشایدا بەکاربهێنن. گەڕان بەدوای شێوەیەك لەشێوەکانی فیکرداکـە بارگـاوی وکاریگـەر

نەبووبێت بەمەسیحیەت لەچاخە کۆنەکاندا هەوڵی زۆرومانددووبوونی دەوێت. لە گەڕانەوە ڕێکخراوەدا بۆ ئەغریق، جۆرێک لەڕابردووخوازی (نوستالیژیا)و لەسۆز هەیە، هەوڵێکە بۆ لەخۆگرتنی شێوەیەکی جیاوازو تایبەت لەفیکرو تێگەیشتن لەجیهانی ئەغریق بەدەر لەرواڵەتە مەسیحیەکە. لەسەدەی شانزەیەمدا پەیوەست بوو بەدووبارە دۆزینەوەی ئاوێتەیە لەفیکری ئەغریقی و مەسیحی ئەویش لەمیانەی مەسیحیەت بەسەر فەلسەفەدا. ئەم هەوڵە لەهیگلی وشلینغە، وەرچەرخانی دەستی پێکرد لەشێوەی (احتؤاء) کردنی ئەغریق دا لەدەرەوەی مەسیحیەت- لێرەدا مەبەستم ئەوەیە هیگڵ لەقۆناغی یەکەمیدا:- هەمان هەوڵ لای نیتشە دەبینین. کاتێک ئێمە هەوڵدەدەین سەرلەنوێ بیر لەئەغریق بکەینەوە، میتۆدێک دەگرینەبەر کەلەبنەڕەتدا پشت بەئاکاری ئەغریقی وەکو باشترین ڕێگە نابەستێت بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بیر لەخۆمان بکەینەوە، بەڵکو هەوڵ دەدەین سود لەفیکری ئەوروپی وەربگرین کەدیسان لەوەرچەخاندایە وپشت ئەستور بەفکری ئەغریقی وەك ئەزموونێك کەتەنها یەکجار روویداوەو لەبەرانبەریدا ئێمە دەتوانین ئازادو سەربەخۆبین.

*لەگەڕانەوەی بەردەوام بۆ ئەغریق لەهیگڵەوە بۆ نیتشە پەیوەندی نێوان مێژووی فەلسەفەت بەکارهێناوە، لای هیگل دامەزراندنی فکری مێژووی پشت بەمەعریفەی فەلسەفی دەبەستێت. لای توۆ نیتشە حاڵەتە کەپێچەوانەیە، لەنێوان مێژوو و فەلسەفەدا ڕێژەیی بوون وڕێگایەك هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێت بەغەریب لەئاستی خۆیدا. ئایا گەڕانەوەت بۆ ئەغەریق لەو جۆرەیە ئەو زەوی دەلەرزێنێت ئێمە لەسەری دەژین وبیری لێدەکەینەوە؟ئەوشتە چیە تۆ دەتەوێت وێرانی کەیت؟

-هیچ نیازێکم نیە بۆ وێران کردن" ئەوەنەبێت پێم وایە لەبواری لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرەدا کەئێمە دەربارەی سەردەمی ئەغریق ئەنجامی دەدەین پێویست ناکات سنورێك پێش وەخت دیاری بکرێت، وەنابێت بەرنامەیەك ئامادەبکەین وبڵێت: ئەوە بەشێکە لەئەغریق وئێمە بەڵگە لەدەقەکانی ئەستخلینس ومارك ئۆرل دەبینینەوە. هەرگیز لەگەڵ ئەوبۆچوونەدا تەبانیم کەپێی وایە ئاکار لەچاخەکۆنەکاندا و لەهەموو قۆناغەکاندا سەرنج بووە لەسەر خود. رەنگە تەنها لەقۆناغیکدا وابووبێت. مەسیحیەت هەندێك چاکسازی و کۆلێنکاری کرد لەکاتێکدا بەشێوەیەکی فراوان وەزیفەکانی کتێبی تەوبەی ڕێکخست. ئەم وەزیفانە دەیسەپێنێت کەمرۆڤ بەهای خۆی بزانێت و دەربارەی خۆی بۆ بەرانبەر بدوێت بەبێ نووسین. لەوکاتەدا یاخود پاش ئەوە مەسیحیەت پەرەی بەو جوڵانەوە فیکرییەدا کەپشت بەئەزموونی فەردی دەبەستێت- نووسینی یادەوەری یاخود ئەوەی ڕێگە بەپەرچەکرداری هەموو تاکێك دەدات.

*سەبارەت بەسێکس ئێمە ئەزموونێکی زۆرجیاوازمان لەو ئەزموونە هەیە کە تۆ دەیبەیتەوە سەر ئەغریق، ئایا ئەوان وەکو ئێمە جێگایان هەیە بۆ وڕێنەی عەشق، ون بوونی خود؟ ئایا شەیدایی ئەوان پەیوەندی بەشازو غەیبەوە هەیە؟

-ناتوانم بەشێوەیەکی گشتی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە. تەنها بەدیوە فەلسەفییەکەدا وەڵامی دەدەمەوە. واتە بەگوێرەی ئەوەی لەدەقە فەلسەفییەکانەوە فێربووم لەوتێکسانەدا کەلەسەدەی چوارەمی پێش مەسیحەوە دەست پێدەکات بۆ سەدەی دووەم چەمکێك نیە بۆخۆشەویستی، ئەو ئەزموونە بسەلمێنێت کەتۆلە پرسیارەکەتدا باسی دەکەیت: شێتی وشەیدایی.

*تەنانەت لە(فیدرا)ی ئەفلاتۆنیش؟

-نەخێر هەرگیز باوەڕم وانیە. پێویستە لەنزیکەوە سەیربکەین. لام روونە لە(فیدرا)خەڵکانێك هەن پاش ئەزموونێك لەخۆشەویستی وعەشق، چاوپۆشی لەو نەریتە باوو نەگۆڕەی سەردەمەکەی

خۆیان دەکەن کەعەشق لەسەر ڕێگـــــای (موجامەلــــەو ئــــەعجاب)دامــــەزرێنێت کەلەئاهەنگەکانی کۆشکەکانی پادشـایەتی دا زۆرە, ئـەویش بــۆ گەیشــتنە بــەجۆرێك لەمەعریفە کەڕێگایان پێدەدات خۆشەویستی بکـەن لەلایـەك. لەلایــەکی تــرەوە هەڵوێســتی شـیاویان لەبەرانبــەر یاسـاو ئیلتیزامــی ســەر هاوڵاتیــان هــەبێت. وڕێنــەی عەشــق لای ئۆڤیــد(ovide)دەرناکــەوێت لەقۆناغێکـدا کـە ئـەزموونی دەردەکەوێت و تاك عەقڵ و هاوسـەنگی خۆی لەدەست دەدات, دەستەوســان دەبێـت لەناسـینی خـۆی, و لەناسنامەی, لەئەزموونی عەشق وشەیدایی دا دەژی هەرچەندە بەردەوام خۆی لەبیر بچێتەوە. ئەم ئەزموونە درەنگ دەرکەوتوو هەرگیز لەگەڵ ئەزموونی ئەفلاتون و سوکرات دا ناگونجێت.

*تا ئەم کاتە واڕاهاتووین و تـۆ لەوپانتایـە مێژوویـەدا دەیبینینەوە کەلەسەردەمی کلاسیکەوە دەست پێدەکات لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا دوایی دێت. کت وپڕتـۆ دەبیـنین لـەدوا کتێـب دا(مێـژووی سـێکس) لەسـەردەمە کۆنەکاندا. ئەمە حاڵەتێکە کـەس چاوەڕێی نـەدەکرد. ئایا ئەمڕۆ گەڕانەوە بۆ ئەغریق هەیە؟

—دەبێت زۆر بەئاگابین. ڕاستە گەڕانـەوە بۆ فۆرمێك لەفۆرمەکانی ئەزموونی ئەغریقی هەیە. ئەم گەڕانەوەیە گەڕانەوەیـە بـۆ ئاکـار(اخلاق). پێویسـت ناکـات ئـەوە لـەبیری خۆمـان ببەینـەوە, سەرچـاوەی ئـەم ئاکـارە ئەغەریقی‌یە سەدەی پێنجەمی پێش زاین و فەلسـەفەی ئـەغریقی هێـواش هێـواش گـۆڕا بـۆ ئاکـار, ئێسـتا لەتواناماندا هەیە خۆمانی تێدا بناسینەوەو ئـەوەش لـەبیری خۆمـان ببەینـەوە کەچی رووی‌داوە. پێویستە ئەمـە بڵـێین پێویسـتی بنـەڕەتی وجەوهـەری لەسـەدەی پێنجەمدا فەلسەفەی سیاسی یاخود فەلسەفە بووە.



ئەرستۆ

*بەڵام گەڕانەوە بـۆ ئـەغریق ئاماژەیـەك نیـیە بـۆ قـەیرانی فیکر وەکـو ئـەوەی لەڕێنیسـاس دا, لەقۆناغی‌دابڕانە دینیەکاندا, پاش ئەوە , ...لەدوای شۆڕشـی فەرەنسی هەبوو؟

—ئەمە گریمانەیەکی نزیکە. مەسـیحیەت ماوەیـەکی دوورو درێــژ فۆرمێــك لەفۆرمــەکانی فەلسەفەی پێك دەهێنا. پاشان ئەو رۆڵـەی گێڕای قبوڵمە, ئـەم بەشەی رەفز دەکەمەوە. هـەموو ئـەزموونێکی ئـەغریقی دەشـێت جارێکی تـر لەگـەڵ بەهەنـد وەرگرتنــی لــەنێوان جیــاوازی ناوەڕۆکــە جیاوازەکاندا, وئاماژە بۆ شانسی ئەم ئەزموونە بکرێت کەدەتوانین ئـازادی بکـەین و لەتوانامانـدا هەیـە پشـت گوێی بخەین.

*ئەوەی کەتۆ وەسفت کرد, خـاڵی بەیـەك گەیشـتنت لەنێوان ئەزموونی حەقیقەت و ئـەزموونی ئـازادی دەسـت نیشـان کـرد: لانـی کـەم فەیلەسـوفێك هـەبووە خـاڵی وەچەرخان بوو ببێت لەفیکری رۆژئاوادا, پەیوەنـدی نێـوان ئـازادی وحەقیقـەت ئەوخاڵــە بــوو کەهایدگــەر لێیــەوە گریمانەی گوتاری دامەزراند. ئەگەر پێشتر نیگـات لەسـەر مــارکس و هــیگڵ بوویێــت, ئایــا ئێســتا نیگاکانــت نەگواستۆتەوە بۆ سەرهایدگەر؟

—بەدڵنیاییــــەوە. بــــۆمن هەمیشــــە هایدرگــــەر فەیلەسوفێکی بنـەڕەتی بووە. سـەرەتا هیگڵ ومارکسم خوێنـدەوە, پاشـان لەسـاڵی ١٩٥١و١٩٥٢دەسـتم کـرد بەخوێندنـەوەی هایدگـەر. بـیرم دێـت لـەنێوان سـاڵانی ١٩٥٢و ١٩٥٣ نیتشــــەم خوێنــــدەوە. تائــــەمڕۆش ئەوتێبینیانـەم ماوەلـە کـاتی خوێنـدوەی هایدگـەردا دەربـارەی ئەونووسـیوومە—لـەلای مـن زرنیگانـەوەی هەیە—ئەوانە بۆ من گرنگترن لەوانەی دەربارەی مارکس

و: حسێن لەتیف




و هیگڵ نووسیمە. چارەنووسی فەلسەفی من لەبنەڕەتەوە بەخوێندنەوەم بۆ هایدگەر دیاری دەکرێت.دەبێت دان بەوەشدا بنێم لەدواجاردانیتشە حاڵەتەکەی گۆڕی. من هایدگەربەباشی ناناسم نە(الوجود والزمن) ونەکتێبەکانی تریشی ناناسم.نیتشە لەهایدگەر باشتر دەناسم. بەڵام ئەزموونی من لەگەڵ هەریەك لەنیتشەو هایدگەردا دوو ئەزموونی بنەڕەتی لەچارەنووسی فەلسەفی منداپێك دەهێنن. ڕەنگە ئەگەر هایدگەرم نەخوێندرایەتەوە نیتشەشم نەدەخوێندەوە, لەسالآنی پەنجاکاندا نیتشەم خوێندەوە ئەوکاتە نیتشە لای من شتێکی گەورە نەبوو" بەڵام نیتشە وهایدگەر بۆمن (صدمە)یەکی فەلسەفی بوون" هەرگیز لەسەرهایدگەرم نەنووسیووە. چەند وتارێکی بچوکم لەسەر نیتشە نووسیووە. لەگەڵ ئەوەشدا وادادەنێم نیتشە وهایدگەرم لەوانی تر زیاتر خوێندۆتەوە, وای بۆ دەچم زۆرگرنگ وبنەڕەتییەکە مرۆڤ کۆمەڵێك بیرمەند هەبێت لەگەڵیاندا بیربکاتەوە, لەگەڵیا ئیش بکات, بەڵام بەبێ ئەوەی لەسەریان بنووسێت. ڕەنگە ڕۆژێك لەسەرهایدگەرو نیتشەم نووسی بێت. من ئەوەم نەکردو تەنها ئەوکاتە نەبێت کەتیایدا هەستم کردووە ئەوان ئامرازی ئیش کردن وبیرکردنەوە بۆ من

پێك ناهێنن. دواجار, لای من سیٚ جۆر فەیلەسوف هەیە: ئەو فەیلەسوفانەی دەیانناسم, ئەو فەیلەسوفانەی دەیانناسم وقسەم لەسەر کردوون, ئەو فەیلەسوفانەی دەیانناسم وقسەیان لەسەر ناکەم.

*ئایا لێرەدا سەرچاوەیەکی بەهەڵەتێگەیشتن نادۆزیتەوە کە دەوری بەرهەمەکانی تۆیان داوە؟

–دەتەوێت بڵێت نیتشە گەراییم (چوونەوە سەر نیتشە) لەوانەیە سەرچاوەی جۆرەها تێگەیشتنی هەڵە بێت؟ تۆ بەو پرسیارە ئیحراجم دەکەیت, من لەپێگەو شوێنی ئەوانەدا نیم کەلە من شیاوترن بۆ وەڵامدانەوەی. ئەوپرسیارە ئاڕاستەی ئەوانە دەکرێت کەخۆیان پرسیارەکە دەکەن" من تەنها دەتوانم بەمەی خوارەوە وەڵام بدەمەوە: من نیتشەگەرایم, بەگوێرەی توانا هەوڵدەدەم , لەهەندێك خاڵ دەرچم وبەپشت بەستن بەتێکستەکانی نیتشە ئەوەدەکەم کەلەتوانامدا هەیە بیکەم. من بەدوای هیچی تردا ناگەڕێم. تەنها بەدوای ئەم لایەنەباشەدا نەبێت.

*کتێبەکانت شتێکی تر دەڵێن کەلەناونیشانەکاندا رانەگەیەنراون. ئایا دەتەوێت لەڕێگای ئەمەوە گەمەیەکی کت وپڕو گەمەیەکی دی بکەیت؟

–ڕەنگە ئەو کتێبانەی من دەیاننوسم تەواو ناکۆك بن لەگەڵ ئەوناونیشانەدا کە من بۆی هەڵدەبژێرم. ڕەنگە ئەوەش لەلاوازی منەوەبێت. جگەلەوە کاتێك ناونیشانێك بۆ کتێبێك دادەنێم پارێزگاری لێدەکەم. کتێبێك دەنووسم, بۆ دووەم دەینوسمەوە, لەمیانەی ئەوەدا گرفت و شیکردنەوەی نویٚ دەدۆزمەوە. کتێبەکە پارێزگاری لەناونیشانی یەکەمی خۆی دەکات. لەوێدا هۆیەکی تر هەیە. لەوکتێبانەدا کە من دەیاننوسم هەوڵدەدەم شێوازێك لەکێشەکان (المسائل)تێك بدەم کەپێشتر تێك نەدراوە. لەبەرئەوە پێویستە لەکاتێکی ئاوادا لەدوایین کتێبدا شێوازێك لە(المسائل) دەربخەم کەناتوانم لەڕێگای ناونیشانە ڕەسەنەکەوە دەری بخەم.

*تۆ هەمیشە دەڵێیت: من گۆڕیم, ئەوە ئەنجام نەدەم کەپێشتر رام گەیاندووە. کەواتە لەوبارەوە بۆ راگەیاندنت هەبووە.؟

–راستەکاتێك بەشی یەکەمی کتێبی (مێژووی سێکس)م نووسی, هەدەفم نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی سێکس بوو لەسەدەی شانزەدا, هەڵدەستم بەشیکردنەوەی چارەنووسی ئەم زانستە لەو قۆناغەدا تاسەدەی حەڤدەیەم. جگە لەمن ومن ئەم کارەئەنجام دەدەم گەیشتم بەوەی ئیشێکە دەتوانرێت بکرێت. بەڵام کێشەیەکی بنەڕەتی دەمێنێتەوە کەئەویش ئەوەیە: بۆچی سێکسمان کردووە بە کێشەیەکی ئەخلاقی؟ لەوکاتەوە هەموو ئەو کارانەی خۆمم پشت گوێ خست کەدەربارەی سەدەی حەڤدەیەم بوو, گەڕامەوە بۆ سەدەی پێنجەم وسەرەتاکانی ئەزموونی مەسیحیەت, قۆناغی بەرلەئەو, بەڵکو بۆ کۆتایی سەدەکۆنەکان. کۆتایم بەلێکۆڵینەوەی کێشەی سێکس لەسەدەی پێنجەم و چوارەمی پێش زاین هێنا. پێم دەڵێت: ئایا ئەمە بیٚ سەرنجی تۆ نییە, یاخود ئارەزوویەکی نهێنی یەو دەیشاریتەوە, پاشان دۆزیوتەتەوە؟ دەڵێم من هیچ نازانم وەدان بەوەدادەنێم کەنامەوێت بزانم. وەکو لەئەزموونی خۆمەوە بۆم دەردەکەوێت کتێبی(مێژووی سێکس) نەمدەتوانی بەباشترین شێوە تەواوی بکەم ئەگەر نەگەڕێمەوە بۆ ئەوە لەسەدەکۆنەکاندا ڕوویانداوە بۆ ئەوەی بزانم سێکس چۆن مومارەسەکراوە, خەڵك چۆن لەگەڵیدا ژیاون وچۆن گۆڕیویانە.

***سەرچاوە:***

متاهات, نصوص وحوارات فی الفلسفة والادب

ترجمة: حسونة المصباحی–مراجعة: د.قدامه ملاح–بغداد– ١٩٩٠–ص١٥٧–١٧٣.